www.kurdistannet.org

12-12-2007 21:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەناسەی‌سوتان ... بەکرحەبیب... بەکرحەبیب**

ئەمشەو یادی چاوەکانت لە ناخەوە دەمجولێنێ
پەڕاوی حەز و یادگاری هێدی‌هێدی دەمسوتێنێ
وێنەکانت لە کەلێنی مێشکی پڕ ئێش و ئازارا
پەتی خەیاڵم دەگۆڕن بۆ تەنافێکی سێدارە
دەمگرێنێ سیمای جوانی فریشتەئاسا و بێ‌وێنە
دڵێ پڕم بە یادگاریت بێ‌هاوەڵ و بێ جێ‌وشوێنە
خامەکەم توانای نەماوە پەنجەکانم سارد و سڕن
هەموو سەرنجێک لە یادت تیرن و هەناوم دەبڕن
ئیتر دواجاریشە پەیمان، حەز ویادت لە بیردەکەم
چیتر بەڵێنبێ لە مەو دووا خۆم لەتەرەی‌عشق نەدەم
ئەویندارى ساتێ خۆشە وەک گوڵ بۆنی یەکتر بکەی
کامی دوو جەستە بشکێنی نەک هەناسەی سوتان بدەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.